www.kurdistannet.org

# ڕەوەند

لە دووری تۆیە چاوەستم دەنالێنم هەموو کاتـــــــــێ
تریفەی رووت مەگەر جارێ بە هانام بێت و بم گاتـــــــــێ
گەلێکم دی لە خۆشی دا وەکوو فەرهادی شیریــــــــن بوون
ئەویندارێکە ئازاو مەرد لە مەیدانی خەتەر مابـــــــــێ
ژیان تاڵە لە مەرگی هەڵوەدای ناکام گەلێ زیاتـــــــــــر
لە لای هەر کەس لە کاروانی رەفیقان دا بە جێ مابـــــــێ
کە رۆژی رووت لە وەش زیاتربپۆشێ هەوریتیرەوتــــــار
کراسی ناهومێدی ئەستەمە هەرگیز لەبەر مابـــــــــــێ
لە ناو پێچی قژی خاوت نیگای تینووم کەمینیتـــــــــــی
لە ماچی لێوی ئاڵی تۆ هەتا تامی شەکەر مابـــــــــــێ
لە رێی وەسڵت بە گیان و دڵ دەکێشم هەرچـــــــــی ئازارە
دەرێژم خوێنی چاو گیانە هەتا خوێنی جگـــەرمابـــــــێ
دەکەم یادو هەموو کاتێ و نیگای تاسەم لە رێدایـــــــــە
ئەمن چۆنم ئەتۆش وابە وەفاو شەرتت ئەگەر مابــــــــێ
بەدووی عیشفێکی ون بوو دا رەوەند تا کەی دەبی خول دا
لە تاریکی شەوی رەش دا هەتــــــا رووونی سەحەر مابێ